

## ئاهێکی سەوز

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

بۆ مەرگی ناوادەی مامۆستا و هاوڕێی شاعیر عوسمان شەیدا

ماڵئاوا هاوڕێ ماڵئاوا
دار هەناره شیرینەکەی ئێوارانی مەستایەتی
ئەی سپیدەترین هاوەڵ
لەهەرێمی نان وخوێن ومەستایەتی
ئەی سپی ترین ئەشکەوتی حوزن
وەی شەرابی ترین دەم وساتی شیعر
ماڵئاواهاوڕێ ماڵئاوا
گەرچی هێشتا
زووبوو بۆ مەڵۆی خۆزگەکان ببنە
خەرمانەی زەرد
زووبوو جۆگەکانی فەیزو جوانی
ببنە وشکایی ودەشتی بەرد !
زوو بوو بۆ پێچانەوەی ڕێکان ،
ببنەگوڵی لبادی لوول !
زووبوو هاوڕێ زووبوو
بۆ دانیشتن لەتەک پایز
ئاشت بوونەوە لەتەک مەرگ و

بۆ نووسینی دوا چامەتان !

ئاخەر هاوڕێ

کەس وەک تۆ لەسیوەکانی عیشقی

نەدەڕوانی

کەسی وەکوتۆ

بەدیار توێکڵی لیمۆیەکەوە نەدەگریا و

کەس وەکوتۆ

خەمی لە حوسنی ئەووڵاتەدا خەرج نەکرد

کەس وەکو تۆ عەشق کڵۆی بۆ نەکوتابوو !

ماڵ ئاوا هاوڕێ ماڵئاوا

هەستە لە گۆڕ

لە مردن گەڕێ هاوڕێ گیان

نزیکە ڕۆژی هاتنەوەم

با پێکەوە جارێکی تر

لە عوشاق و

مەڵۆ ڕەنگی ئێوارانی شار هەڵڕوانین !

با جارێ تر

سڵاوێ لە ئەرخەوان و

سسڵاوێ لە ئازادی کەین !

بێ مەیل مەبە هاوڕێ

من دەزانم

تۆ لە خوا زێدەتر دەزانی

من چەن تینووی دانیشتنێکم لە تەکتان !

من چەن تینووی

گوێگرتنی شیعرێکی عاشقانەتانم !

من چەن تینووی

بزەیەکتان

فرمێسکێکتان

چنگەگرەی بەر پەنجەرەی ئاهێکتانم

من چەن تینووی

ڕندایەتی جگەرەکێشانێکتانم !

ماڵ ئاوا شەیدا ماڵئاوا

بەهاری2005/ئەڵمانیا